# ئێران و بەریتانیا
# ٦٠ ساڵ هەوراز و نشێوی بێ کۆتایی



**محەمەد قەوام**
**لەفارسییەوە : جەواد حەیدەری**

پەیوەندی سیاسی نێوان ئێران و بەریتانیا هەمیشە پڕبووە لە هەوراز و نشێوی . پەیوەندییە دوو قۆڵییەکەی نێوان تاران و لەندەن لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ئاڵۆزییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی، کە تا ئێستا ئەو ئاڵۆزییە باڵی بەسەر پەیوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتە کێشاوە ،بێ متمانەیی و گومان و خراپ تێگەیشتنی ئێرانی هەمیشە بە دواوە هەبووە و لە ئێستاش دا پەیوەندی نێوان ئێران و بەریتانیا ساردی و سڕی زۆری پێوەدیارە و داهاتووی پەیوەندییەکان روون و ئاشکرا نییە .

پتر لە (30) ساڵ لە تەمەنی شۆڕشی ئێران، تێدەپەڕێت لە کاتێکدا پەیوەندی نێوان دوو وڵات لە ئاستی باڵوێزدا نییە و ڕێکخەر یان هەڵسوڕاوی باڵوێزخانە ڕاپەڕاندنی کارەکان لە ئەستۆ دەگرێت، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، هەروەها هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێران ، لەندەن هەموو فەرمانبەرانی باڵوێزخانەی خۆی لە تاران بانگکردەووە، بەڵام دواتر دوو وڵات ڕێککەوتنەوە بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان ، بەڵام دوای دەرکردنی فەتوای کوشتنی سەلمان روشدی نووسەری بەرەگەز هیندی و دانیشتووی بەریتانیا لە لایەن ئێرانەوە، ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان تاران و لەندەن بۆ دووەمین جار دابەزی و بەریتانیا هەموو کارمەندانی باڵوێزخانەی خۆی لە تاران کشاندەوە و باڵوێزخانە بە حاڵەتی نیوەداخراوی لێهات و

تارانیش بە تەواوەتی باڵوێزخانەی خۆی داخست و پەیوەندی خۆی لەگەڵ بەریتانیا بە تەواوەتی پچراند، بەڵام پاش ئەوەی سەید محەمەد خاتەمی سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران دەسەڵاتی گرتە دەست ، کەمال خەرازی وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئێران چاوی بە رابین کوک هاوتای خۆی کەوت و هەردوو وڵات بۆ ناردنەوەی بالوێز رێکەوتن و پەیوەندییەکان لە ئاستی بالوێز ئاسایی کرایەوە.

پاش دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتییەکەی ئێران لە ساڵی (2009)دا جارێکی تر پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵات ئاڵۆزی تێکەوت بە شێوەیەک کە چەند فەرمانبەری باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران لە لایەن پۆلیسیەوە دەستگیر کران. لە ساڵی (2011) پارلەمانی ئێران لە پرۆژەیاسایەکدا دەنگی دا بۆ کەم کردنەوەی ئاستی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییە کانی خۆی لەگەڵ بەریتانیا و بە پێی بریاری پارلەمانی ئێران ئاستی پەیوەندییە سیاسییەکانی تاران لە گەڵ لەندەن لە ئاستی بالوێز دابەزی و گەیشتە ئاستی رێکخەر و هەلسوراوی باڵوێزخانە.

-1951 حکومەتی ئێران کۆمپانیای نەوتی بەریتانیا- ئێران بە شێوەی رەسمی کرد بە نیشتمانی و ئەمەش یەکەمین بلێسەی ئاگری ناکۆکی نێوان تاران و لەندەنە.

-1953 حکومەتەکەی محەمەد موسەدیق سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی ئێران لە کودەتایەک کە بە پشتیوانی بەریتانیا و ئەمریکا رێکخرا رووخا .

-1979 بە هۆی سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی ئێران بەریتانیا باڵوێزخانەی خۆی لە تاران داخست و لەبری ئەوە باڵوێزخانە سوید، ئەرکەکانی باڵوێزخانەی بەریتانیای رادەپەراند.

-1988 باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران دوبارە کرایەوە و دەستی بەکارەکانی کردەوە.

-1989 ئایەتوڵلا خومەینی فەتوای کوشتنی سەلمان روشدی نوسەری بەریتانیایی بە تاوانی سوکایەتی کردن بە ئیسلام دەرکرد و ئەم فەتوایەی ئیمام خومەینی، بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی دبلۆماتیکی ئێران و بەریتانیا بپچرێت.

ئەیلولی 1990- پەیوەندی دوو وڵات نەک لە ئاستی باڵوێز، بەڵکو لە ئاستی رێکخەر و هەڵسوراوی باڵوێزخانە

مایسی 1997- پاش ئەوەی کە محەمەد خاتەمی بوو بە سەرۆک کۆمار، هەوڵی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی دا و سەرکەوتووش بوو.

ئەیلولی 1998- پەیوەندی دبلۆماتیکی دوو وڵات لەسەر ئاستی باڵوێز ئاسایی بووە و ئەمەش پاش ئەوە هات کە حکومەتەکەی خاتەمی رایگەیاند، کە چیتر موسلمانان هان نادات بۆ جێبەجێکردنی فەتواکەی خومەینی بە دژی سەلمان روشدی .

کانوونی دووەمی ساڵی 2000 کەمال خەررازی وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی لەندەنی کرد.

ئەیلولی 2001 – جەکستراو وەزیری ئەو کاتی بەریتانیا، بوو بە یەکەمین وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە، کەپاش شۆرشی ئێران لە ساڵی 1979 سەردانی تاران بکات ، ئەو سەردانە لە میانەی ئەو هەوڵانەبوو کە هێزەکانی هاوپەیمان بە دژی تالیبان رێکیانخستبوو.

شوباتی 2002 پەپوەندی نێوان تاران و لەندەن پاش ئەوەی کە متمانەی دیڤید ردووی باڵوێزی بەریتانیا لە لایەن ئێرانەوە رەتکرایەوە، جارێکی دیکە ساردی کەوتە نێوان پەیوەندی دوو وڵاتەوە.

حوزەیرانی 2003- هاوکات لەگەڵ نیگەرانییە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، بەریتانیا داوای لە تاران کرد، کە دەرگای بنکە ئەتۆمییەکانی بە رووی پشکنەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو پشکنەرانە بتوانن سەردانی ئەو شوێنانە بکەن.

21ی ئابی 2003 – بەریتانیا هادی سولەیمان پوور کە دیپلۆماتکارێکی ئێرانی کە لە لایەن دادگای ئەرجەنتینەوە بە تۆمەتی کردەوەی تیرۆریستی داواکراو بوو دەستگیر کرد ، ئەو هەنگاوەی بەریتانیا نارەزایەتی ئێرانی لێکەوتەوە و تاران خوازیاری ئازادکردنی ئەو دیپلۆماتکارە و هاوکاتیش داوای لە لەندەن کرد کە داوای لێبوردن لە تاران بکات.

27 ئابی 2003 – عەلی ئاسنی بریکاری وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی جەک ستراو وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کرد و داوای ئازاد کردنی دیپلۆماتکارەکەی کرد کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا رایگەیاند: ناتوانێت لە کاروباری دادوەری وڵاتەکەی دەستێوەردانی هەبێ و لە بەرامبەریش ئێران هیوای خواست کار نەگات بە شوێنێک، کە باڵوێزی خۆی بۆ تاران بکشێنێتەوە.

ئەیلولی 2003 - ئێران باڵوێزی خۆی بۆ مەبەستی پرس و رای زیاتر بۆ تاران بانگهێشت کردەوە و لە تارانیش تەقە لە بارەگای

بالۆێزخانەی بەریتانیا کرا.

تشرینی دووەمـــی 2003 – ئێران ڕاپگەیاند: پاش ئەوەی کە وەزیرانی دەرەوەی ئەلمانیا و بەریتانیا و فەرەنسا ناوبژیوانیان کرد، بڕیارە بەرنامە ئەتۆمییەکەی خۆی هەلپەساریێت و پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەتوانن سەردانی وێستگە ئەتۆمییەکانی ئێران بکەن.

ئایاری 2004- زەنجیرە خۆپیشاندانێک لە دەوروبەری بالۆێزخانەی بەریتانیا لە تاران ئەنجامدرا کە تێدا خۆپیشاندەران زۆر بە توندی ڕەخنەیان ئاراستەی شەڕو پێکدادانەکانی هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لەگەل هێزەکانی عێراق کرد کە لە دەوروبەری شارە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق.

18ی حوزەیرانی 2004 – بەریتانیا و ئەلمانیا و فەرەنسا لە پرۆژە یاسایەک کە لە ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ڕێکیان خستبوو ، ئێرانیان لە سەر هاوکاری نەکردنی لەگەل پشکنەرانی ئەو ئاژانسە سەرکۆنە کرد.

21 ی حوزەیرانی 2004 ، تاران 8 مەلەوانی بەریتانیایی لە سنوری ئاوییەکانی خۆی دەستگیر کرد و پاش ڕۆژ گفتوگۆ و دانوستان نێوان ئێران و بەریتانیا دواجار ئێران ئەو 8 کەسەی ئازاد کرد.

28ی ئەیلولی 2005 – خوێندکارانی ئێران بە نیشانەی نارازیی بوون لە شێوەی هەلسوکەوتی نێودەولەتی، سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ولاتەکەیان، بە بەرد و بۆمبی دەستی هێرشیان کرد سەر بینای بالۆێزخانەی بەریتانیا لە تاران.

15ی تشرینی یەکەم 2005- چەند تەقینەوەیەک لە شاری ئەهواز و چەند شارێکی باشوری ئێران ڕوویدا ، تاران ڕایگەیاند کە بەریتانیا دەستی لەو تەقینەوانەدا هەیە و لەندەنیش ئەو تۆمەتەی ئێرانی ڕەتکردەوە.

20ی کانونی دووەمی 2006- ئێران ڕایگەیاند "ئەو کەسانەی کە دەستیان بە تەقینەوەکانی ئەهواز و شارەکانی باشووری ئێـران هـەبـووە، پەیوەندییان بە دەزگـا هەوالگرییەکانی بەریتانیاوە هەبووە.

13ی تشرینی دووەمی 2006- تۆنی

**هەرچەند بەریتانیا لە سەنگەری پێشەوەی دوژمنایەتی کردنە لەگەل ئێران، بەلام هێشتا داخستنی بالوێزخانەی بەریتانیای لە تاران نەخستوەتە بەرنامەی کاری خۆیەوە**

بلێر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند" ڕوانینی لەندەن بۆ ئێران هەر وەک خۆیەتی و نەرمی پێوەدیار نییە".

23ی کـانـوونـی یەکەمی 2006 ئەنجومەنی ئاسایشی سـەر بـە نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیارێکی بە مەبەستی بایکۆتکردنی کردنی ئێران لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی پەسەند کرد . بەریتانیا یەکێک لەو ولاتانەبوو کە دەستی هەبوو لە نووسینی ئەو بریار نامەیە.

23ی مارسی 2007 – وەزارەتـــی بەرگری بەریتانیا ڕایگەیاند "15 ی سەربازی بەریتانیایی لە لایەن هێزە دەریاییەکانی ئێرانەوە لە کەنداوی فارس دەستگیر کراون".

مارسی 2008- ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەریتانیا هۆشدارییان دایە ولاتەکەیان کە ئێران بە بە دوای بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمییە و ئەگەری هەیە تا سالی 2015 تاران بۆمبی ئەتۆمی دروست بکات.

25ی تشرینی یەکەم 2008- ئێران لە نامەیەکدا بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نارەزایی خۆی سەبارەت بە سیاسەتەکانی لەندەن دژی تاران دەربری.

24ی تشرینی دووەمی 2008- وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانی زۆر مەترسیدار وەسفکرد و خوازیاری هاوکاری ولاتانی کەنداو بوو بۆ چارەسەکردنی ئەو کێشەیە.

26ی تشرینی دووەمی 2008 - تاران بە توندی ڕەخنەی لە لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کرد، سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و ئەو لێدوانانەی بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئێران وەسفکرد.

28ی تشرینی دووەم 2008- دانیل جەیمز وەرگێڕی سوپای بەریتانیا لە ئەفغانستان بە تۆمەتی سیخوری کردن بۆ ئێران بە 10 سال زیندان سزا درا.

1ی کانونی یەکەمی سالی2008 – حەسەن قەشقاوی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وتی: هەرچەند بەریتانیا لە سەنگەری پێشەوەی دوژمنایەتی کردنە لەگەل ئێران، بەلام هێشتا داخستنی بالوێزخانەی بەریتانیای لە تاران نەخستوەتە بەرنامەی کاری خۆیەوە.

3ی کانونی یەکەمی 2008 – شاژنی بەریتانیا ئێلیزابێتی دووەم لە وتارێکدا لە کاتی کردنەوەی خولی نوێی پارلەمانی ولاتەکەی ڕایگەیاند: لەندەن بە شێوەیەک جدی بەدواداچوون بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دەکات.

24 ی کـانـوونـی یـەکـەمـی2008 – وتەبێژی وەزارەتـی بەریتانیا ڕەخنەی لە کەنالی 4 ی تەلەفزیۆنی ولاتەکەی خۆی گرت کە بۆچی پەیامی پیرۆزبایی مەحمودی ئەحمەد نەژادی پەخشکردوەتەوە.

30ی کـانـونـی یـەکـەمـی2008 – خوێندکارە بەسیجییەکانی ئێران هێرشیان کردە سەر بینای بالۆێزخانەی بەریتانیا

30ی کانونی یەکەمی2008 – دەزگای ئەرشیفی نیشتمانی بەریتانیا کۆمەلێک بەلگە و دیکۆمێنتی بـلاوکـردووە، کەدەردەخات کە ئەمریکا و بەریتانیا لە پاییزی 1979 پێیانوابووە کە شای ئێران هەر لە دەسەلاتدا دەمێنێتەوە.

20ی شوباتی2009 – جۆن سورز نوێنەری بەریتانیا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی لە کۆبوونەوە نهێنییەکانی نێوان تـاران و ولاتانی ڕۆژئـاوایـی کرد و

ڕایگەیاند" ئێران ئاشکرای کردووە کە دەستی هەیە لە تەقینەوە کانی عێراقدا، تەنانەت پێشنیاریکردووە ئەگەر ڕۆژئاواییەکان دەست لە دژایەتیکردن لە گەڵ بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بهێنن، ئەوە تارانیش واز لە تەقینەوەکانی عێراق دێنێت.

شوباتی2009ی هاوکات لەگەڵ سییەمین ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران ، دیڤید میلیبەند وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە وێبلاگی تایبەتی ئەو وەزارەتە دوای لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئێران کرد، کە چی تر دیل و ئەسیری پەیوەندییە کۆنەکانی خۆیان نەبن و پەیوەندییەکانی خۆیان لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە دامەزرێنن و خۆیان لە ناکۆکی بپارێزن.

5ی مارسی2009 – وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیاند: سایمۆن گاس وەک باڵوێزی نوێی بەریتانیا بەمنزیکانە شوێنەکەی جیفری ئادامز دەگرێتەوە.

3ی تەموزی2009- ئایەتوڵا ئەحمەد جەننەتی وتاربێژ و خەتیبی نوێژی هەینی تاران ڕایگەیاند "فەرمانبەرانی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران دەستیان هەبووە لە خۆپیشاندان و نائارامییەکانی تاران ، هەربۆیە دەستگیر کراون و بڕیارە بەمزوانە دادگایی بکرێن".

19ی تەموزی 2009 – بەریتانیا لە سەر ئەساسی بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بایکۆت و بلۆککردنی داراییەکانی ئێران، بڕی یەک ملیار و 600 ملیۆن دۆلار لە داراییەکانی ئێرانی بایکۆت کرد.

29 ی تەموزی 2009 - ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی باڵوێزخانەی بەریتانیا، کە لە نائارامییەکانی تاران لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە دەستگیر کرابوون ئازاد کران.

8ی ئابی 2009 – دادگاییکردنی دوو فەرمانبەری باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران بە تۆمەتی سیخوڕیکردن دەستی پێکرد.

13ی ئەیلولی2009 – سایمۆن گاس باڵوێزی نوێی بەریتانیا جێگیرنامەی خۆی ئاڕاستەی سەرۆک کۆماری ئێران کرد و وەک باڵوێزی نوێی بەریتانیا لە ئێران دەستی بە

**30ی تشرینی دووەمی ساڵی 2011- وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا هەموو کارمەندەکانی خۆی لە باڵوێزخانەی خۆی لە تاران کشاندەوە و باڵوێزخانەی خۆی داخست**

کارەکانی کرد.

3ی ئایاری2010 پاش ئەوەی کە مەسەلەی کەمکردنەوەی ئاستی پەیوەندی نێوان تاران و لەندەن هاتە ئاراوە هەندێ لە پارلەمانتارانی پارلەمانی ئێران ڕایانگەیاند "کە دەبێ ئێران خۆی لە هەر کردارێکی نەشیاو بە دوور بگرێت".

کانونی دووەمی2011 پەیوەندی نێوان تاران و لەندەن پاش ئەوەی کە باڵوێزی بەریتانیا پشتگیری لە نەسرین ستودە پارێزەری بەندکراوی ئێرانی کرد بەرەو ساردی و سڕی ڕۆیشت.

15ی شوباتی2011 – ڕامین میمهانپەرەست وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران پێشوازی لە گۆڕینی باڵوێزی بەریتانیا لە تاران کرد و ڕایگەیاند "ئەگەر گۆڕینی باڵوێزی بەریتانیا لەسەر بنەمای نیازپاکی بێت لە لایەن ئێرانەوە پێشوازی لێدەکرد".

9 ی حوزەیرانی 2011 - دوای ئەوەی کە ویلیام هیگ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا تارانی بەوە تۆمەتبار کرد، کە یارمەتی سوریا دەدات لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی سوری ، وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕێکخەری باڵوێزخانەی بەریتانیای بانگهێشتی وەزارەت کرد و ناڕەزایی تارانی سەبارەت بە قسەکانی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا پێراگەیاند.

27 ی تشرینی یەکەمی2011 – دامینیک جۆن چیلکات باڵوێزی نوێی بەریتانیا چاوی بە عەلی ئەکبەری ساڵحی وەزیری دەرەوەی ئێران کەوت و نامەی متمانە پێبەخشینی پێشکەشی وەزیری دەرەوەی ئێران کرد.

15ی تشرینی دووەمی2011 بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی پارکەکان و باخچەکانی تاران باڵوێزخانەی بەریتانیای بە تاوانی بڕینی دەرختەکانی باخی " قلهک" بڕی یەک ملیار و 600 ملیۆن تمەن غەرامە کرد.

21 ی تشرینی دووەمی ساڵی 2011 – جۆرج ئازبۆرن وەزیری دارایی بەریتانیا ڕایگەیاند " ئێران دووبارە بایکۆتی دارایی دەکرێت، ئەمەش دوای ئەوە هات کە ڕاپۆرتە نێودەولەتییەکان نیگەرانی خۆیان لەبەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران خستە ڕوو.

23ی تشرینی دووەمی ساڵی 2011 پارلەمانی ئێران لە پرۆژە یاسایەکدا خوازیاری کەمکردنەوەی ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان تاران و لەندەن بوون، کە ئەو پرۆژە یاسایە بە 165 دەنگی ڕازی و 5 دەنگی ناڕازی پەسەند کرا.

27ی تشرینی دووەمی ساڵی 2011 – پارلەمانی ئێران بە زۆرینەی دەنگ پرۆژە یاسای کەمکردنەوەی ئاستی پەیوەندییەکانی ئێران و بەریتانیای پەسەند کرد، هاوکاتیش بەریتانیا ڕایگەیاند لەبەرامبەر ئەو کارەی تاران هەڵوێستی دەبێت.

28ی تشرینی دووەمی2011 – ئەنجومەنی پاراستنی ئێران پرۆژە یاساکەی پارلەمانی ئێرانی، سەبارەت بە کەمکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئێران و بەریتانیای پەسەند کرد.

29ی تشرینی دووەمی2011 – ژمارەیەک لە خوێندکارانی بەسیجی پەلاماری باڵوێزخانەی بەریتانیا دەدەن و ئاڵای بەریتانیا دادەگرن و ئاگری تێبەردەدەن و بڕێک لە بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی باڵوێزخانە دەسوتێنن.

30ی تشرینی دووەمی ساڵی 2011- وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا هەموو کارمەندەکانی خۆی لە باڵوێزخانەی خۆی لە

تاران کشاندەوە و باڵوێزخانەی خۆی داخست ، بەڵام هاوکات ویلیام هیگ وەزیری دەرەوەی رایگەیاند داخستنی باڵوێزخانە بە مانای ئەوە نییە کە پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵات پچراوە.

2ی کانونی یەکەمی ساڵی2011 ویلیام هیگ وەزیـــری دەرەوەی بەریتانیا ماوەی 48 کاتژمێری دیاریکرد بۆ دیپلۆماتکارانی ئێرانی کە خاکی بەریتانیا چۆڵ بکەن ، دواتر دیپلۆماتکارانی ئێرانی بە فڕۆکەیەکی ئێرانی گەڕانەوە بۆ تاران .

5ی کانوونی یەکەمی ساڵی2011 – سەرچاوە هەواڵە ئەروپییەکان لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی ئێران بڵاویانکردۆوەتەوە کە عەلی ئەکبەر سالحی وەزیری دەرەوەی ئێران، نیگەرانی خۆی لە پەلاماردانی بینای باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران دەربڕیوە.

7ی کانونی یەکەمی2011 – مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی یاسای کەمکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و بەریتانیا کە لە لایەن پارلەمان و ئەنجومەنی شارەزایان پەسەندکرابوو واژۆ کرد و بە مەبەستی جێبەجێکردن ڕەوانـەی وەزارەتـی دەرەوەی ئێرانی کرد.

کانوونی یەکەمی 2011 – بەریتانیا رایگەیاند "کە هەوڵدەدات کە وڵاتێک دیاری بکات، کە لەبری باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران کاروبارەکان راپەڕێنێت. ماڵپەری باڵوێزخانەی بەریتانیا رایگەیاند هـەر هاووڵاتییەکی بەریتانیایی کە پێویستی بە خزمەتگوزاری هەیە، دەتوانێت سەردانی باڵوێزخانەی وڵاتانی ئەوروپی بکەن لە تاران بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیان.

10ی کانونی یەکەمی ساڵی2011 – ڕۆژێـــک دوای ئـــەوەی کە بەریتانیا رایگەیاند "وڵاتێک دیاریدەکات بۆ ڕاپەراندنی کاروبارەکانی لە تاران، وەزارەتی دەرەوەی ئێران رایگەیاند: تاران لە ئێستادا هیچ بەرنامەیەکی ئەوتۆی لەوبارەیەوە نییە.

3ی مـارســی2012 – ویلیام هیگ وەزیـــری دەرەوەی بەریتانیا، سەبارەت بە

> 3ی ئایاری2010 پاش ئەوەی کە مەسەلەی کەمکردنەوەی ئاستی پەیوەندی نێوان تاران و لەندەن هاتە ئاراوە هەندێ لە پارلەمانتارانی پارلەمانی ئێران رایانگەیاند "کە دەبێ ئێران خۆی لە هەر کردارێکی نەشیاو بە دوور بگرێت"

هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ئێران رایگەیاند: هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ئێران ئازاد و بێگەرد نەبووە و بە پێی ویست و خواستی خەڵک نەبووە.

5 ی مارسی 2012 - عەلی لاریجانی کە لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ئێران لەسەر لیستی خەڵکی قوم، دووبارە بووە بە پارلەمانتار رایگەیاند: لێدوانەکانی وەزیـــری دەرەوەی بەریتانیا نیشانەی دوواکەوتوویی و بە دوور لە ژیری و حیکمەتە ، سەرۆکی پارلەمانی ئێران وتیشی: هیگ قسەی زیادی دەکات.

21 ی مارسی 2012 – دیڤید کامیرۆن سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بە بۆنەی جەژنی نـــەورۆز، پیرۆزبایی ئاراستەی گەلی ئێران کرد و هاوکاتیش رەخنەی لە هەڵسوکەوتی سەرکردەکانی ئێران گرت .

23ی نیسانی2012 – حسێن نەجابەت سەرۆکی گروپی دۆستی پارلەمانی ئێران رایگەیاند: بڕیاردان لەسەر ئاسایی کردنی پەیوەندی نێوان ئێران و بەریتانیا لە راستی دا لە دەستی پارلەمان و پارلەمانتاراندا نییە.

9ی تەموزی2012 – حەسەن قەشقایی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئێران رایگەیاند: ئێمە بە تەواوەتی بە دوای ئەوەدا نین، کە پەیوەندی خۆمان لەگەڵ بەریتانیا بپچڕێنین ، ئێمە ویستمان پەیوەندییەکانمان لە ئاستی باڵوێزەوە بۆ ئاستی ڕێکخەر دابەزێنین، ئێمە کە عاشق و هۆگری بەریتانیاییەکان نین ، هەندێک لە پارلەمانتاران خوازیاری ئەوە بوون کە بە تەواوەتی لە گەڵ بەریتانیا پەیوەندییمان نەمێنێت.

23ی تـــەمـــوزی2012 – رامین میهانپەرەست وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران رایگەیاند "دیداری وەزیرانی دەرەوەی ئێران و بەریتانیا لە پەراوێزی دانیشتنەکەی کابول لە ئەفغانستان لەسەر داوای وەفدی بەریتانیا بووە".

7ی ئابی2012 – ئایەتوڵڵا خامنەیی رابەری ئێران لە کاتێدا رەخنەی لە پەلاماردانی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران گرت، کە 9 مانگ بەسەر ئەو پەلامارەدا تێپەڕیبوو. خامنەیی وتی: هەستی گەنجان سەبارەت بەو باڵوێزخانە پیسە دروستبوو، بەڵام چوونە ناو بارەگای باڵوێزخانە کارێکی نەشیاو و نادورست بوو.

25 ی تەموزی2012 – ویلیام هیگ وەزیـــری دەرەوەی بەریتانیا پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی لە ئێران ئیدانە کرد و رایگەیاند: جێی ریسوایی و شەرمە و بەراستی جێی شەرمەزارییە، ئەوەش دەبێتە هۆی بێ ئابرویی بۆ سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

7ی ئەیلولی2012 – وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کاریگەری بایکۆتەکانی بە دژی تاران بە جدی وەسفکرد و خوازیاری ئەوە بوو کە ئەو بایکۆتانە بەردەوام بێت.

28ی تشرینی دووەم2012 - وەزارەتی دەوەرەی ئێران پێشوازی لە بڕیاری دادگای بەریتانیا لە سەر ڕادەستنەکردنی دیپلۆماتکاری پێشووی ئێران بە ئەمریکا کرد. نوسرەتوڵڵا تاجیک باڵوێزی پێشووی ئێران لە ئوردن لە لایەن دادگای ئەمریکا بە تۆمەتی پێشێلکردنی یاسای کڕین و فرۆشتنی دوربینی شەو داواکرابوو، کە دادگای بەریتانیا ئامادە نەبوو کە ئەو دیپلۆماتکارە ڕادەستی ئەمریکا بکات. تاجیک (6) ساڵ لەو پێش لە لەندەن لە لایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە دەستبەسەرکرا.

**سەرچاوە/ بی بی سی**